زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر
كۆلیژی هونەرە جوانەكان
بەشی موزیك
قۆناغی سێهەم
(سمستەری دووەم )

بابەتی

# رێبازەكانی توێژینەوە

## Research Methods

ئامادە كردنی: د.سازە حسین رسول
E-MAIL : saza.rasul&su.edu.krd

٢٠٢٣_٢٠٢٢

# کـــرداری یەکانی توێژینەوەجێ بەجێ کردن

**هەڵبژاردنی**

- سامپڵن ( نمونەن)
- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاکانن(زانیاری)
- شێوازەکانی شیکردنەوەی داتاکانن

## -گرنگی ئامرازە ئامارییەکان Stastistical :–

- بەهۆیەوە دەگەین بەکۆمەلێك ئەنجامیووردو زیاتر لە زانیارییەکان .
- کاری توێژەر ئاسان دەکات . کات و پارەی بۆ دەگەرێنێتەوە.
- بۆ سوود وەرگرتنە لە ئەنجامی توێژینەوە تا گشتاندنی پێ بکرێ .

- **ئامرازە ئامارییەکان وەک :–**
- رێژەی سەدی (٪ ) بەکارهێنانی زۆر باوە .
- ناوەندە ژمیری mean:
- دووبارەبوونەوە frequencies :
- تی – تیست T.test : بۆ دۆزینەوەی جیاوازییە.
- پیرسۆن person – کۆرەلەیشن : بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی یە .
- الفا alpha– کرۆنباخ cronbach: بۆ دۆزینەوەی جیگیری.

## • شیکردنەوەی زانیاری (Analysis of data) لەریگەی بەرنامەی SPSS :

- ئەم بەرنامەیە بریتی یە :

لە کۆمەلیك قائمەو ئامراز کە بەهۆیەوە ئەو زانیارییانەی کە توێژەر دەستی کەوتووە لە ڕاپرسی یاخود چاوپێکەوتنەکان داخلی دەکات ، پاشان شیکردنەوەیان بۆ دەکات(ئەم سیستەمە بە ژمارە کار دەکات).

- سالی ١٩٦٨ بەدیارکەوت .
- لەبەرنامە زۆرترین بەکارهاتووەکانە لەشیکردنەوەی داتادا .

- SPSS :- هەگبەی ئامارییە بۆ زانستە کۆمەلایەتییەکان .
- S : Stastistical
- P : package
- S : social
- S : sciences

# ئەو چەمکانەی کە لە اس پی اس اس دەبینرێن :

File

Edit

View

Transform

Analyze

Data

Graphs

Utilies

Windows

help

## جیاوازی نیوان ئەنجام و دەرئەنجام :

1- أ- ئەنجام :ئەو هەنگاوانەن کە بەرەو دەرئەنجامت دەبەن .

ب- دەرئەنجام : کورتەی کۆتاییە کە بەدەست تویژەر دەکەویت لەسەر بناغەی ئەنجام .

2-أ- لەسەر توانای گەران و تویژینەوەی تویژەر دەوەستێ .

ب- لەسەر توانای شیکردنەوەی توێژەر دەوەستێ بۆ هەڵویستەکە .

3- أ - لەگەل ژمارە کاردەکات .

ب- لەسەر شیکردنەوەی ژمارەکانی بەئەنجام هاتوو کار دەکات.

**- جیاوازی نیوان  پێشنیارو ڕاسپاردە Recommendations and suggestion :**

- هەردووکیان لە کۆتا هەنگاوەکانی پرۆسەی تویژینەوەکە دین .
- لەشیوەی ژماردنی خال دا دین.وەك(1 2 3)یان( - - - ).
- خالی کورت و پوختن .

- پێشنیار : بۆ تویژینەوەی داهاتووە ..... .
- ڕاسپاردە : داواکاریە بۆ شوێنێك بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکە بکات کە لە ئەنجامی تویژینەوەکە دەرکەوت .

- بەجیا نوسین  لە بەشێک یان دەمج دەکرێ لەگەڵ بەشی چوارەم .

## گرنگی پاشکۆ و چۆنیەتی بەکارهینانی How to use supplements :-

- بۆ رونکردنەوەی چۆنیتی بەڕێوەچوونی کارەکان دادەنرێت .
- دەکریَ پاشکۆ ڕاپرسی و وێنە ( هونەرمەند) و کارئاسانی و نەخشە و نۆتە .. بیَ.
- لەنێو بەشەکاندا خوێنەر ئاڕاستە دەکریَ بەوەی کەوا لە پاشکۆی ژمارە (س ) ئەمە روون کراوەتەوە لە پاشکۆ ، بۆیە بە سەرنجی خوێنەر بۆ پاشکۆ ڕادەکێشێت بە نووسینی بڕوانە پاشکۆی ژمارە ( ٢ ) .

## - نوسینەوەی یەکەمی تویژینەوەو پاك نوسكردنی :-

## - یەکەم هەنگاو : پلانی تویژینەوەیە :-

- دوای ئەوەی توێژەر بابەتی لێکۆلینەوەکە هەڵدەبژێرێت جا چ تیۆری بێت یان پراکتیکی و بەرنامەو پرۆگرامی بوێت ، پلانێك بۆ خۆی ئامادە دەکات .

- کەواتە پلان: ڕێگاپیشاندەری توێژەرە بۆ کارکردن ،لە پلاندا **ڕەچاوکردنی کات** زۆر گرنگە.

- دواتر توێژەر دەست دەکات بە: هەلبژاردنی لایەنێکی دیاریکراو **لە بابەتەکەیدا:**

**کەلەوانەیە تالیف یان بەرنامەدانان یان پرۆگرام یان مێژووی موزیك و گۆرانی بێت .**

**– دواتر دەست نیشانی بەڵگەو سەرچاوەی پشت پێ بەستوو دەکات .**

## دەبێ توێژەر پێش ئەوەی دەست بەنوسین بکات  ئاگاداری ئەوە بێت کەوا :

سالانە گۆرانکاری بەسەررێنماییەکانی زانکۆدا دێت بۆ نوسینی تویژینەوە .

- چەندین **بنەمای گشتی** هەیە کە دەبێ توێژەر پەیوەست بێت پێ ی.چونکە لەلایەن لیژنەی تاوتوێوە بەهەند وەردەگیرێن،کاریگەریان لەسەر بڕیاری لیژنەکە دەبێ **وەک.** :

١- زمانی قسەکردن :بەسەرچاوەو خشتەو وێنەو هێلکاری و هاوکێشە بێ .

٢- چەمکەکانی (من یان ئێمە)لە توێژینەوەدا پەسەند نین،وەک: من ژەنیارم.

٣- توێژەر بەزمانی ڕابردوو قسە دەکات وەک توێژەر(٩)سامپلی وەرگرتووە

٤- ئەبێت زمانی نوسین روون و ڕاشکاو بێت و ئالۆز نەبێت .

٥- توێژەر دووربکەوێتەوە لە ووشەی : هەرگیز ، بەتەواوەتی ، هەمیشە .... لەجێگەی ئەواندا : ڕەنگە ، لەوانەیە ، ئەتوانین بڵێین .... بەکاربهێنێت .

## ٦- فەرامۆش نەکردنی خاڵ بەندی :

- خاڵ ( . ) : لە کۆتایی ڕستە .
- کۆما ( ، ) : لەنێوان دوو ڕستەدا .
لەپاش ووشەی بەڵێ و نەخێردا .
- دوو خاڵ ( : ) : بریتی یە : بۆ نموونە : لەوانەدا بەکاردێت .
- کورتە هێل ( - ) : لە سەرەتای دێردا بەکاردێ .
لەنێوان دوو ژمارەدا وەک (١-٦) .
- چەند خاڵێک .... : واتە پێویست ناکات ئەوانی تر بنوسرێت .
- دوو کەوانە (( دەقی دەستکاری نەکراو )).

- **ڕێکخستنی بەشەکانی توێژینەوە :**
- هاوسەنگی لە نێوان پراکتیکی و تیۆری هەبێ .
- هاوسەنگی لە نێوان ژمارەی پەڕەی بەشەکاندا هەبێت ، وەک بەشی یەکەم (٤) لاپەرەو بەشی دووەم (٤٠) لاپەر بێت .

- پرۆپۆزە ل (Proposal) و بیرە سەرەکیەکان:

- هەنگاوەکانی نوسینی پرۆپۆزەل :

- - ناونیشانیکی سەرنج راکیش: دەبێ ئیمکانیاتی توێژەر بەتەواوەتی بە دیار بکەوێت لە تێگەیشتنی بۆ ناونیشانەکەی .

- پوختە :

- گرفت و گرنگی تویژینەوەکە بە ووردی .

– ئامانج و سنووری تویژینەوەکەو . دیاریکردنی زاراوەکان .

– کەمیك لە چوارچیوەی تیۆری و توێژینەوەی پێشووتر .

– ریبازی تویژینەوەکە لەرووی ریگا و ئامرازی بەکارهاتوو و سامپڵ .

- باسکردنی گریمانەکان و پرسیارەکان .

- ئەنجامی چاوەروانکراو .

– سەرچاوەکان .